


# فرمێسکەکانی عەلی

دیدار : عومەر محەمەد
شوێن : رزگاری .
ڕێکەوتی ٢٠١١/١/٢١ . کاتژێر ٨:٢٠ دەقیقەی شەو.

عەلی مەجید حەمەجان خەڵکی گوندی بنەکەی خەپەکوێرە، ئەویش تاقە دەربازبووی خانەوادەیەکی گوندی بنەکەی سەر بەناخێی تیلەکۆیە.

بنەکە گوندەیە کە ئەنفال بە دڵرەقیەوە مەماڵەی لەگەڵ خەڵکەکەیداکردوە، ژنو منداڵو پیرو پەککەوتەی وەک یەک ڕەوانەی کۆمەڵکوژی ئەنفالکرد، گوندی بنەکەی خەپەکوێر 264 کەسیان ئەنفالکراون و هەتا ئێستاش بێسەروشوێنن، دایکو باوک و خوشکەکانی عەلی ٦شەش کەسی ناو خشتەی قوربانیانی گوندی خەپە کوێر پێکدەهێنن.

ئێوارەیەکی درەنگ لە شاری کفریەوە گەیشتمە ڕزگاری و چووم بۆ دیداری چەند کەسێکی گوندی بنەکەی ئەنفالکراو یەکێک لەوان (عەلی مەجید) بوو، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەم دیدارەم لەگەڵدا سازکرد.

ئەوکاتەی هاتە سەر گێرانەوەی قسەکانی (باوا- باپیرە)ی بۆگێرامەوە کە لەنوگرە سەلمانەوە بە کەنەفتی گەرابووەو باسی جیاکردنەوەی باوکیو دایکی و خوشکەکانی بۆ گیرابووەوەو عەلیش دەیویست لەزاری باوایەوە بیگوازێتەوە بۆناو کامیراکە.. ئاگام لێی بوو کەوا وردەوردە لە ناوەوەڕا، هێزێک شاڵاوی بۆدەهێنا، هێزێک کە لیوان بوو لە هەستی ئینسانی، یادەوەری ئازیزان و ئازاری ڕابوردوو، عەلی هەرچەندە نەخوێندەوارەو لەجلو بەرگ و روخساریشدا وادەردەکەوێت جەنگاوەرێک بێت، کەوا تازە لە شەڕ گەرابێتەوە، بەڵام کە دەیدوێنیت کورێکی روح سوک و بە ئەمەکە، من زۆر کەسم دواندووەو زۆر دیدارم لەگەڵ کەسوکاری ئەنفالکراواندا کردووە، زۆرخەم و ئەشک و ئازاری ئەنفالکراوەکانم دیوە، بەڵام فرمێسکو گریانی کەسیان ئەوەندەی عەلی ڕاینە چڵەکاندووم. ئەوکاتەی عەلی باسی کرد کە یەکێک لە کچەکانی خۆی بەناوی خوشکەکەیەوە ناوناوەتەوە، ماوەیەکی زۆر منو کامیراکەم بەبێدەنگی بەدیار هەنسک و فرمێسەکەکانیەوە ڕاوەستاین، من لە نێوان دوو ڕێگادابووم ئایا سوربم لەسەرئەوەی برینی زیاتری بکولێنمەوە یان فەرامۆشی بکەمو لێگەرێم ئەم چیرۆکەش وونبێت .. دواجار بریارمدا بەردەوام بم.. عەلیش فرمێسکەکانی بە پشتێنەکەی سڕی و وتی بابەردەوام بین .

ئەو کاتەی ئەنفال گەیشتە ناوچەکەیان، عەلی منداڵ بووە، دەڵێت یادەوەری منداڵی خۆشە، بەڵام ئێمە لەو یادەوەریانەش بێبەشین، ئەو لە دایکبوی ساڵی 1974ەو تەمەنی تەنها 14 ساڵ بووە، کە پەلامارەکانی ئەنفال گەیشتووەتە ناوچەکەیان، یەکێک لەیادەوەریە خۆشەکانی عەلی ئەو شاییو زەماوەندانە بوون کە لە گوندەکەیانداکراوە، بەتایبەتی کە دەهۆڵو زورانا بەبۆنەی بووک گواستنەوە چووەتە گوندەکەیان عەلیو هاوتەمەنەکانی زۆر کەیفیان پێهاتووەو چێژێکی تایبەتیان لێوەرگرتووە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: ئەنفال کارێکی پێمان کرد، هەتاهەتا یە لەبیرمان

نەچێتەوە، بەرپرسانی وەڵاتەکەشمان ئەوەندە لاموبالاتو خەمسارد بوون هیچی لە ئازارەکانیان کەم نەکردووەتەوە.

عەلی درێژەی بەقسەکانی داو وتی : لەیادەوەریو بەسەرهاتنی ناخۆش پەکمان ناکەوێت، چەندی بێژی لامان دەستدەکەوێت، بەرلەوەی ئەنفال بگاتە ئێمە دەنگوباسێک بڵاو بووەوە کە کیمیایی داوێتی لە سێوسێنانی قەراغو خەڵکێکی زۆری کوشتووە، بەراستی ئێمە بەعەقلماندا نەدەچوو، هەرچەندە سێوسێنان زۆریش لێمانەوە دور نەبوو، بەڵام خەڵک هەر دوودڵ بوون، زۆری پێنەچوو کە ماڵی شێخ لە قەرەداغەوە ئاوارەبوون هاتنە ماڵی ئێمە، راستی هەواڵەکەی پشت راستکردەوە ووتیان بابە درۆی چی قەرەداغ پێشمەرگەی تێدا نەماوەو هەمووی گیراوەو ئێمە کیمیایی لێیداوینو ئنسانو مەرومالاتی وەکو یەک کوشتووە، ئەو عالەمە کراوەتە ژێرخۆڵەوە، ئیتر ماڵەکە دورۆژ لەلای ئێمە مانەوە بەرەو دوزخورماتوو ڕۆیشتن، بەڵام ئەوانیش دەرنەچوون گیرانو ئەنفالکران.

ئیتر زۆری نەبرد هێرشکرایە سەر ناوچەکەی ئێمەش ناوداوێ و ئۆمەربلو زەنگنە لەهەموو لایەکەوە هەر جەیشو جاش هێرشی دەکردو تەیارە بەراسەرەوە دەسورایەوەو بۆمبارانی دەکرد. ئیتر ئەو خەڵکە وەک مەلی هێلانە لێتێکچوو بەناویەکا ئەهاتن و ئەچوون، ئێمەش وەک ئەو خەڵکە من منداڵ بووم بەلای ڕانەوە، هاتین بەرەو ملە سورە، شەوێک لە هەوارە قوڵە ماینەوە، ئیتر ئەو خەڵکە رۆیشت هەمووی لە مللەسورە خرببووەوە دەتوت رۆژی حەشەرە، ئەوەی ملە سورەی نەدیبێ نازانێ چەندێک خەڵک فەوتاوە، خۆی ئەوەی لەوێ بووە مەگەر تاکو تەرا بە زۆری پیرو پەککەوتە ئەگینا یەک کەسی نەگەڕیاوەتەوە.هەمووی ئەنفالکران وکەس نەیزانی لەکوێ کوژران و ژێرخۆڵ دران.  ئێمە سێ چوار رۆژ لەملە سورەماینەوە، ئێستا ئەمانبەن سبەی ئەمانبەن نەشمان دەزانی بۆکوێمان دەبەن، خەڵک وای دەزانی دەیبەن خانووی بۆ دەکەن و لە مجمع دایدەنین کێ بەعەقلیدا دەهات ئەو هەموو خەڵکە بفەوتێنن.. جەیش وجاش ئەو ناوەی تەنیبوو بەدەبابەوە لەوناوە وەستابوون کۆپتەریش هەر ئەسورایەوەو گوندەکانی بۆردومان دەکردو خری ئەکردنەوەو ئەیکردن بەناو ملە سورەدا.  بیرمدێ دوو کەسی دراوسێ گوندی خۆمان بەو بۆمبارانە کوژران .

**دیمەنی گوندەکەمان:**

کە پرسیاری گوندەکەیانم کرد عەلی هەڵوەستەیەکی کردو گوتی : ئاە دیمەنی گوندەکەمان ! کەمێک وەستاو ئینجا دەستی کردەوە بەقسە : بۆ ئاخر جار لە دورەوە سەیرمان دەکرد



گوندەکەمان ( بنەکە) درایەبەرتۆپ، ئیتر ئەوە دیمەنێک بوو زۆر بەئازار بوو خاڵۆم، ئەحمەد صالح و میمکێکم لە مللەسورەوە گەرایانەوە بۆ ئاواییەکەی خۆمان، لەو کاتەدا کەوتنە ناو جەیشەکەوە گیران ئێستاش شوێنەکەیان پێدەزانم، هەر بەقەد گوندەکەمانەوە گیران لەوێ کۆپتەرباریانی کردو بردبوونی لە قۆرەتوو

دایانگرتبوون، ڕۆیشتن ئەنفالکران. خالۆمو میمکم گەنج بوون ئێستاش بێسەروشوێنن بەڵام باوام لە نوگرەسەلمان هاتەوە.

**بۆ دواجاردایکمو باوکمو خوشکەکانم لەمللەسورە بینی**

دایکمو باوکمو دوو خوشکم لەمللە سورە بوون، تراکتۆرمان بوو هەربەتراکتۆرەکەی خۆمان بردبوویانیان بۆ قۆرەتوو، مامەکانم وەلیو کاکە خانو رەحمان ئەمانە هەموویان بوون بران بۆ قۆرەتوو، ئەو خەڵکەیان فریودا سەعید جاف نەبێت جاشەکانی تردەیانگوت: ئەتانبەین بۆ مەیدان لەوێ حکومەت خانووتان بۆدەکات. سەلیبێکمان هەبووهێنامان دامانە دەست کوڕەکەی سەعید جافەوە .

**خالۆیەکی باوکم خەریکبوو لەسەر ئێمە بفەوتێ**

وتیان رانەکانتان بێنن بەرەوکەلار رێگە هەیە دەرچیت، ئێمەش منداڵو نەشارەزا بووین، خۆمان دزییەوە نزیکەی 12 رۆژ لەوجەوەڵانە ماینەوە، بەردەوام باران دەباری وەزعمان زۆر خراپ بوو نانمان پێنەبوو برسیمان بوو، من پیڵاوەکانم دڕابوو پێم هەمووی ببوە زام، هەر بەسەر زەویەکەوە بوو، لەودەشتەدا لێمان قەومابوو، ئێوارانێکیان باران دەباری ستاری حاجی رەشید "خالۆی باوکم" بوو لەبەینی ڕەبایەکانەوە دزەی کردبوو هاتە هاوارمانەوە ئەو کاتە لەتوران بووین، مامەم (حەمەی مینیا)مان لەتەکدا بوو ئەو دەربازبوو، هەتا کاک ستار نەهات نەماندزانی چی قەوماوە کە هات ووتی: ئێوە خەرکی چین، بۆکوێ دەرۆن کەلاری چیو رانەمەڕی چی کەسوکارتان هەمووی گیرا خەڵک نەما ئێمە چەند رۆژە تەماشایاندەکەین چۆن دەیانبەن.. ووتی: باسی هیچ مەکەن ئێستا دەتانبەم بۆ ماڵی خۆمان رانەکەتان بفرۆشنو ئیتر خۆتان بشارنەوە ئەو خەڵکەی رۆیی مەگەر بەس خواو صدام بزانن چارەنوسیان چیە، ئەو ئەگریاوئێمەش دەگریاین .

**جاشەکان نامەردیان کرد :**

هەرچۆنێک بوو ئێمەیان قەناعەت پێکرد برۆین، منو محمد هاتین و گەیشتینە (صمود)، رزگاری ئەوکاتە پێیان دەگوت صمود، هەریەکەمانیان لەماڵێک دانا، بۆ شەوی دوایی رانەکەیان هاورد رەبایەکی جاش هەبوو تایەری وەسمان فەرماندەی سریە بوو، جاشەکانی ئەو لەو رەبایەدا بوون، کەوتنە تەقەو تەنویر هەڵدان، ئێستە شوێنی رەبایەکە دەزانم بەم شەوە برۆین دەچمە بانی، تەنانەت تەقەیان لە مەڕکەنایش دەکرد، ئێمە لەسەربانەوە ئاوا تەماشامان دەکرد، ماڵ خلۆکەی باوکم پشتی بەرەبایەکەوە بوو دەیانویست رانەکە بێننە ئەو ماڵەو بیفرۆشین، بەڵام جاشەکان نەیان ئەهێلا، قیشەک تەنیا بەر زەلامەکان نەکەوتبوو کاک ستار چوو زۆر لێیان پارایەوە، ووتیان نەخێر ئەوە هی ئەنفالە، دوایی وتبووی دەیبرا خۆ ئەنفال هەمووی کوردەو هەموو رۆییو کەسیان نەماوەو گوناهتان دەگات، بابیبەین بۆیان بفرۆشین بێسود بوو، هەتا برێک جنێویشیان پێدابوو، لەراستیدا کاک ستاریش تورەببوو برێک قسەی پێیانکرد، ووتیان قسەی زیاد بکەیت ئەتدەینە دەست ئیستخباراتەوە، ئەو شەوە گرتیان رانەکەیان بەرنەدا هەتا بەیانی، بەیانی خالۆی باوکم رۆیشتەوە بۆلایان وەرقەی عقارەکەی بۆیان بردبوو، ووتبووی ئەمە ران خۆمە، ووتبویان تازە عەسکەرییەکە پێی زانیووە ناتوانین بەریدەین، رانەکەیان برد بۆشوێن مقر شیوعیەکەی ئێستا ئەوسا ملازم کەریم بوو، ئیستخباراتێ:ی پیس بوو، هات ئەو رانەکەی گرت، تاوانی زۆرە لەم صمودەدا، هەرکەسێک بگیرابایە دەبوایە ئەو بەریبدایە، رانەکەیان بارکردو بردیان، ئێمەش لەماڵ خۆمان قایمکردووە خواخوامانبوو خۆمانیش نەگرن، وەختێکمان زانی هاتن وتیان خاوەن ئەو رانە کێیە ..؟ وەڵا کاک ستارو کورێکیان برد، ئەمە بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو، حسابکە لەسەر ئێمە گیران، لەوێ کورەکەیان بەردابوو چونکە ئەو عەسکەر بوو، بەڵام چاوی خالۆم ستاریان بەستبووەوە، شەوێک لەوێ سجن بوو ناردبوویان بۆ فەوجێکی تر، بەڵام بەرێکەوت کورێک چووبوو بۆلای ئەفسەرەکە ناوی بەکربوو خالۆم ناسیبووی

پێـی وتبـوو كـوره فريـام نەكەويـت قەوتـاوم باشـبوو ئەو لەوێ فريـای كەوتبـوو بەريـدابوو، ئەگينـا ئەويش خەريكبوو لەسايەی ئێمەوە بفەوتێ .

**ژيان لە صمود ژيان لەدۆزەخ:**

كە گەيشـتينە صـمود ئاژەڵەكانمـان فرۆشـت، ئەوسـا ئێـرە پێيـان دەگـوت صـمود ئێسـتاش هەرسـمودە رزگـاری چـی..؟! كەسـمان نەمـابوو مـن تەنيـا مـابوومەوە، هەتـا سـاڵی 1991 مـن لەلای مـامەمو لەلای خەڵـک بـووم خەڵـک لەرای خـوا هاوكـاری دەكـردم، صـمود بـۆمن دۆزەخ بـوو ئێسـتاش كە دەڵـێن رزگـاری گـاڵتەم پێـی دێـت مـن هەربەصـمودی دەزانـم.. رزگـاری چـی بلـێ دۆزەخ. ئيتـر كە لە سـاڵی 1991 بەشـێكی حكـومەت روخـاو پێشـمەرگە هـاتە خـوارەوە مـن بـوومە پێشـمەرگە هەتـا سـاڵی 1996 لەوە بەدوا رۆيشـــتينەوە بـــۆ گونـــدەكەی خۆمـــان . بەڵام دواجـــار هەژاریو بەيـــاخ نەدان بەگونـدەكەيانو هەرەشـەی ووشكە سـاڵی ناچـاری كـردووە بێـتەوە بـۆ صـمود بەتـايبەتی كە حكـومەت خانووی بۆ كەسوكاری ئەنفال دروستكردووە .

**فرمێسكەكانی عەلی:**

ئەوكـاتەی هـاتە سـەرگێرانەوەی قسـەكانی بـاوای كە لە نـوگرە سـەلمانەوە بە كەنەفتـی گەرابـووەو باسـی جيـاكردنەوەی بـاوكیو دايكـیو خوشـكەكانی بـۆ گيرابـووەوەوعەليش دەيويسـت لەزاری بـاوايەوە بيگـوازێتەوە بۆناوكـاميراكە.. وردەوردە لەناوەوەراهێزێـک شـاڵاوی بۆدەهێنـا كە ليـوان بـوو لەهەسـتی ئينسـانی بـۆ ( مجيـدی بـاوكیو بەفـراو سـاڵح كەريمـی دايكـیو خوشكەكانی ئاوازوسـەوڵەی تەمەنيـان حەوت سـاڵو دە سـاڵ) عەلـی هەرچەنـدە نەخوێنـدەوارەو لە جـلو بەرگوروخساريشـدا وادەرناكەوێـت، زيـاتر لەجەنگاوەرێـک دەچێـت تـازە لە بەرەكـانی شـەڕی نـاوخۆگەرابێتەوە بەڵام كە دەيـدوێنيت كـورێكی روح سـوكو بە ئەمەكە مـن زۆر كەسـم دوانـدووەو زۆر ديـدارم لەگەڵ كەسـوكاری ئەنفالـدا كـردووە، زۆرجەمو ئەشـكو ئـازاری ئەنفالكراوەكـانم ديـوە، بەڵام فرمێسـكو گريـانی كەسـيان ئەوەنـدەی عەلـی گونـدی بـنەكەی راينەچڵەكانـدووم. ئەوكـاتەی عەلـی باسـی ئەوەی كـرد كە يەكێـک لە كچەكـانی خـۆی بەنـاوی خوشـكەكەيەوە ناونـاوە خـۆی پێنەگيـراو مـاوەيەكی زۆرمـنو كـاميراكەم بەبێـدەنگی بەديـار هەنسـكو فرمێسـەكەكانی عەلـيەوە وەسـتاين، مـن لەنيـوان دوو رێگـادابووم ئايـا سوربم لەسـەرئەوەی برينـی زيـاتری بكـولێنمەوە يـان فەرامۆشـی بكـەمو لـێگەرێم ئەم چيـرۆكەش وونبێـت .. دواجـار بريارمـدا بەردەوام بـم .. بەڵام كە سـەری هەڵبـڕیو داوای لێبـوردنم لێكرد ووتی: نا بە پێچەوانەوە كارێكی باشت كرد لەوەتای من حاڵم ئاوايە .

**چاوەروانی كوشتمانی:**

عەلـی وەكـو هەمـووخەڵكی بـنەكە لەدوای سـاڵی 1991 وە بەردەوام چـاوەروانی گەرانەوەی دايـكو بـاوک و خوشـكەكانی بـووە، تەنـانەت لە ئـاوەرايی سـاڵی 1991 لە ئێـرانيش هەر بيـری لەوە كـردووەتەوە كە بێـتو ئەوان بگەرێـنەوە بچـنە كـوێ ؟ كە ئـيمە ئـاوا ئـاوارە بـووين. ئيتـر ئەوان كە بێـنەوە سـەر بەكوێيـوە بنـێن، ئەم چـاوەروانيە هەتـا دواچركەسـاتەكانی روخـانی يەكجـاری بەعـس لەگەڵيانـدا بـووە، بەعـس روخـاو ئەوان هەر چـاوەڕوان بـوون، هەتـا دەركەوتنـی گۆرەبەۆمەڵەكـان ئينجـا بە تەواوی هيـوا بـراو بـوو، عەلـی دەڵێـت ئـێمە چـاوەروانی كەسـوكارەكەمان و چـاوەروانی چـاک بـوونی وەزعـی هەرێمـی كوردسـتان و جێبەجێكردنـی بەڵێنەكانيـان كوشـتمانی، وەكـو بەعـس ئەوەنـدە درنـدەو دكتـاتۆر بـوو، ئەم دەسـەڵاتەش ئەوەنـدە چـاک نەبـوو لەتەكمانـدا، ئەوەتـا ئەو هەموو جاش و موستەشارە بوونەتەوە بەكەڵەگاو هەرچاوەروانين دادگايی بكرێن .

**دولبەرلەنوگرەسەلمان هاتووەتەوە.**

دولـبەر كە ئێسـتا هاوسـەری عەلـی يە، ميمكـزای خـۆيەتی و ئەويـش كەسـوكاری ئەنفـالكراوەو بەمنـداڵی مـاوەی 6 مانـگ زيـاتر لە زينـدانە نەفـرەتيەكەی نوگرەسـەلمان بـووە. ئێسـتا دايكـی چـوار

کچو کورێکه به ناوەکانی (ئاوازو پێباز و دڵسۆزو کانی و کورەکەشیان بەرهەم) عەلی ڕێزێکی تایبەت لەدلبەر دەگرێت لەبەرئەوەی هەم ئەنفالکراوەو هەم هاوسەرو هاوخەمێتی.

**٤/١٤ گۆشت ناخۆین .**

عەلی دەڵێت لە دوای ئەنفالەوە کە ماڵمان نەماو لە ماڵ ئەو خاڵۆیەم و مامەم بووم،هەتا ئێستاش جەژنم نیه، ئێستاش لەبەر منداڵەکانم نەبێت قەت جەژن ناکەم.. ئەوە لێرەوە بریارمدا ئەو پێشنیارەی ئەنفالستان قبوڵ دەکەم و ڕۆژی ٤/١٤ هیچ سەرنابرێن و بۆخۆشم لەو ڕۆژەدا گۆشت ناکرمو لەماڵەوە نایخۆین جا هەرکەسێک میوانم بێت .

**بەرپرسان زۆر بێ وەفا بوون .**

ئەو بەرپرسانەی وا ئێستا ئەنفالیان بیرچووەتەوە ئەوانە لەگوندەکەی ئێمە زۆریان خزمەتکراون لەهەموو گوندێک ڕێزیان لێگیراوە، کەچی ئێستا هەرگوندەکەی ئێمە نەکارەبای هەیە نەجادەی هەیە نەئاوی خواردنەوە من خۆم لەبەر بێئاوی هاتمەوە بۆ صمود دەنا چیم داوە لێرە، ئێستاش کە بێتاقەت دەبم سواری سەیارە دەبم دەچمەوە بۆ بنەکە سەبوریم پێی دێتو دڵم پێی دەکرێتەوە. بروابکە تەنها بۆ ئەوە دەچم خەفەتەکانم لەدڵم دەرکەم . عەلی لەیادەکانی ئەنفال هەست بەتاڵییەکی زۆر دەکەم بەرپرسان وەک بۆ سەیران بێن ئاوایە، هەست بە دلسۆزی ناکەم تیایاندا.. میمکە جەمیلە لێرە تەنیا کەوتووە خێزانی مام عەلی پیرۆزە هەتا ئەوان خانەدان کاک سامان گەرمیانی کە دەهات بۆ بنەکە لەماڵ ئەوان نەبوایە لای کەس لای نەدەدا، کەچی ئەوەتا میمکە جەمیلە کەس نیە سەردانی بکات، من هەمووجارێ دەچم بۆلای تێر تێر پێکەوە دەگرین مێردەکەی لە بنکە کوژراو هێنایان لەکفری بەشۆفڵ دایانپۆشی ساڵی 1991 کە تەرمەکەیمان دەرکرد هێشتا سەعاتەکەی دەستی لەکارنەکەوتبوو، من لەبەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان زۆر مەمنونی مامۆستا شادانو مامۆستا کامەرانم کەزۆر ڕێز لەکەسوکاری ئەنفال دەگرن. زۆر مەمنون تارقم لەبەرێوەبەرایتی شەهیدانی ئێرە بەراستی کارمەندەکانی بەرێزن، بەڵام بەراستی حزبە کوردستانیەکان وەفایان نەبوو. ئێمە چەندێکە دەناڵێنین هەموومان توشی نەخۆشی بووین. گوناە نیە کەسوکاری شەهیدو ئەنفال کۆمەکی بۆ کۆبکرێتەوە بۆ عیلاج ئەی حکومەت کاری چیەو پارەی ئەو نەوتە چی لێدەکات ..؟ ئێمە کەسوکاری ئەنفال لەئازایەتی خۆی ماوەتەوە. ئەو ژنانەی لەدوای ئەنفال مانەوەو منداڵەکانیان گەورە کرد خاوەنی ڕێزی گەورەن، ئەوانە نەئەوکاتەو نەئێستاش هیچیان بۆنەکراوە ئەوانە قارەمانن .

**پارێزگاری کردن لەتاوانبارحکمەتەکەی لە کوێدایە..؟**

بە بروای عەلی دادگایی کردنی جاشەکان مافی کوردوکەسوکاری ئەنفالکراوەکانو شەهیدەکانە، ئەوەی بەرەی کوردستانی کردی حیکمەت نەبوو، بە پێچەوانەوە غەدرێکی گەورە بوو، هەقوایە ئەو مەسەلەیە ببرێتەوەو ئەوەی داواکراوە و سکاڵای لەسەرە بدرێنە دادگاو کێ تاوانبارە سزای خۆی وەرگرێ و کێ تاوانبارنیە ئازاد بکرێ و ببرتەوە .

**گوندەکە بنەکەیە فۆتۆی – سمکۆ سابیر**